# چیا جەمال، هونەرمەندی پێوەندی لە نێوان موزیک و هونەری شێوەکاریدا

**گارا**
**(ئەڵمانیا)**

چیا جەمال لە بنەڕەتدا هونەرمەندی بواری موزیکە، لە دەوروبەری ساڵی (٢٠١٨)ـەوە مەیلی بەلای هونەری شێوەکاریشدا چووە، دەشێت هۆیەکەشی بۆ ئەو خۆشەویستییەی ئەو بۆ کارەکانی هونەرمەندی موزیکی ئەمریکی جۆن کەیج John Cage بگەڕێتەوە، بەتایبەت ئەو کارەی کە ناوی چوار دەقە و سی و سێ چرکەیە.

ئەو لە ژێر کارتێکردنی جۆن کەیج لە ساڵی ١٩١٤ گیتارەکەی بە ئۆبجێکتێک دەبەستێتەوە کە خۆی پێی دەڵێ (میترۆنۆمی)(١)، لە کاتی ژەندندا ئۆبجێکتەکە لەسەر لەرەی لێدانی گیتارەکە لەگەڵ لەرەی ژێیەکاندا بە ڕاست و چەپدا دەجووڵێتەوە، هونەرمەند لە ساڵی ٢٠١٧ ئەم کارەی بە ڤیدیۆ نیشان داوە، هەروەها لە کۆلێژی هونەر لە سلێمانی دیسانەوە لە ساڵی ٢٠١٧ سیمینارێکی بەناوونیشانی (لە نێوان هونەر و موزیکدا in between art and music) ڕێکخست، بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی لە کۆلیج نەکرا لەوێ جێبەجێی بکا، پاشان لە کارگەی جگەرە لەگەڵ هەندێک هاوڕێی خۆیدا و لە شێوەیەکی بچووکتر جێبەجێ کرد.

چیا جەمال لە١٢- ٤ تا ١٦- ٤ی ساڵی ٢٠١٨ لە هۆڵی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی بۆ یەکەم جار پێشانگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە، ئیدی لەو کاتەوە خۆی وەک هونەرمەندی شێوەکاریش دەناسێنێ، بێ ئەوەی پشت لە هونەری موزیک بکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەم پێشانگایەیدا تێکەڵاوییەکی لە نێوان هونەری شێوەکاری و هونەری موزیک دروست کردووە، بە جۆرێک کە لایەنێکیان ببنە پشتگیری بۆ لایەنەکەی دیکە، بەواتایەکی دی پێوەندییەکی لە نێوان بینین و گوێگرتندا بۆ ئەودیو لەسەر بنەمای مامەڵەکردن بە هەست



و درککردن لە هەردوو بوارەکەدا دروست کردووە، واتا کۆکردنەوە و نیشاندانی خواستێکی ئیستێتیکی نوێ و لە شێوەی ئەودیۆ ڤژوەڵ (گوێگرتن و بینین)، دروستکردنی ئەم پێوەندییەش لە ژیانی هونەرمەندا تازە نییە و زۆر جار لە کارە موزیکییەکانیدا بەدی دەکرێ.

چیا جەمال لەم پێشانگایەی ئەمنە سوورەکە پێنج کاری نیشانداوە و بە هۆیانەوە ڕاومی هۆڵەکەی پڕکردووەتەوە، بە جۆرێک کە بینەر تێیدا هەست بە بۆشایی نەکا. کارەکانیش پێکهاتبوون لە ئینستەلەیشن و هونەری کۆنسێپت، تێیاندا دەنگ و تیشک و کات و تێکست ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، هونەرمەند لەم کارانەیدا مەتریاڵی جیا جیا و ئامێر و تەکنۆلۆژیای نوێی بەکارهێناوە، ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی بۆ بینەرەکانی پێشانگاکەی نووسیوە، لەلایەکەوە وەک ڕێزلێگرتن و لەلایەکی دیکەیشەوە سەلماندنی خۆی وەک هونەرمەندێکی هاوچەرخ کە بە پێویستی زانیوە ئەگەر بە چەند دێڕێکیش بێ هەندێ ڕێنمایی بە بینەرەکانی بگەیەنێ و تێیدا نووسیویەتی:

«ئەم نووسراوەی خوارەوە باسکردنی کۆنسێپتی کارەکان نییە، بەڵکو پێناسەکردنی کارەکانە وەک ڕێنیشاندەرێک.

ئەم پێشاندانی کارانە بەشێکە لەو کارانەی کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ دروستبوون، ئەم کارانە وەک ڤێرژنی یەکەم ئێستا بە هەندێک مەتریاڵی جیاواز پێشان دراون و لە پێنج کار پێکهاتوون:

**کارەکانی ساڵی ٢٠١٧:**

**کاری یەکەم:** لە ڤیژوڵکردنی دەنگ پێکهاتووە، ئەم کارە لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکەدا دانراوە.

**کاری دووەم:** لە کاتژمێرێک و بتڵێک خوێن و دوو ستاند پێکهاتووە کاتێک لە دەرگای هۆڵەکە دەچیتە ژوورەوە بەرانبەر بینەرە.

**کاری سێیەم:** تێکستێکە کە لە ڕێی داتاشۆوە پێشان دەدرێت و لە بەشی خوارەوەی هۆڵەکەدایە.

**کارەکانی ساڵی ٢٠١٨:** لەم ساڵەدا دوو کارم پێشان داوە کە لە ڕووی پێشاندان و مەتریاڵەوە نزیکی یەکن، بەڵام لە ڕووی کۆنسێپتەوە زۆر جیاوازن کە هەردووکیان لە ڕێی (ڤی ئاڕ)ەوە پێشان دەدرێن».

هونەرمەند بەم شێوەیە کارەکانی لە ناو هۆڵی پێشانگاکەدا داناوە:

ڕێک بەرانبەر دەرگای چوونە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە لە سووچێکدا کارە ئینستەلەیشنە سەرەکییەکەی داناوە کە لە کاتژمێر و کیسەیەکی تا نیوەی ڕەنگی سوور پێکهاتووە کە هەستی خوێن دەبەخشێ، ئەم دوو بەشەی کارەکەی لەسەر دوو سێپایە بەتەنیشتی یەکەوە داناوە بە شێوەیەک کە کیسە (خوێنەکە) تۆزێ لە کاتژمێرەکە بەرزتربێ، سۆندەیەکی باریکی پڕ لە ڕەنگە سوورەکە هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو دوای کارەکانی دیکەی لە ڕاست و چەپی هۆڵەکەدا بەم شێوەیە دابەش کردووە: دووان لە دەستی ڕاستدا کاتێ کە بینەر لە دەرگای هۆڵەکە دێتە ژوورەوە و دووانیش بەدەستی چەپدا، لەوانەی دەستە ڕاست لە یەکێکیاندا داتاشۆیەکی داناوە کە تێکستێک لە قەد دیوارەکە نیشان دەدات و لە یەکێکی دیکەیدا ئامێرێکی (VR)(٢)ی داناوە بە هێدفۆنێکەوە بەستراوەتەوە، دوو کارەکەی دەستە چەپیش یەکێکیان لە مایکرۆفۆنێک و ئامێرێک پێکهاتوون کە دەنگ دەگۆڕێ بۆ تیشک و لەوەکەی دیکەیشدا دیسانەوە (VR)ێکی داناوە نووسراوێکی تێدا دەبینرێ، ئەو داتاشۆکە و هەردوو (VR)ەکە و هێدفۆنەکەی لە سەر سێ سندووقی سپی داناوە کە بە تەختە دروست کراون و بەرزاییەکەشیان بە ئەندازەی پشتوێنی مرۆڤ دێت، ئەمەش بۆ ئاسانکردنەوەی هەڵگرتنی (VR) و هێدفۆنەکانن و ئاسانکردنەوەی بەکارهێنانیان لەلایەن بینەرەوە، هەروەها بۆ ئەوەی داتاشۆکەش بتوانێ تێکستەکە بە ڕێکوپێکی لەقەد دیوارەکە نیشان بدا.

داتاشۆکە تەنیا نووسینیک بە زمانی ئینگلیزی نیشان دەدا تێیدا نووسراوە (THIS IDEA IS STOLEN) کە



بە مانای ( ئەم بیرۆکەیە دزراوە) دێت، نووسینەکە بە ڕەنگی سپی و لەسەر باکگراوندێکی پرتەقاڵی دەبینرێت، وا دیارە هونەرمەند بە هۆشیارییەوە ئەم دەقەی هەڵبژاردووە و لەم کارەیدا تەنیا ئەو چوار وشەیەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وا لە بینەر بکا خۆی بیر لە کارەکە بکاتەوە و لەگەڵ خودی خۆیدا بکەوێتە گەڕان و شیکاری بەدوای مانا و پێوەندییە شاراوەکانیاندا، لەبەر ئەوەی (ئەم بیرۆکەیە دزراوە) بیرکردنەوەی بینەر بەرەو زۆر لایەن دەبات، بەتایبەت لەوەی کە هونەرمەند هیچ شتێکی دیکەی ڕوون نەکردووەتەوە، ئەمەیش ڕەهەندێکی ئازادانە بەم کارەی دەبەخشێ.

کارەکەی تر کە لە ئامێرێکی (VR) و هێدفۆنێک پێکهاتوون تێیدا بینەر دەتوانێ (VR)ـە کە وەک دووربینیش بەکار بێنێ، واتە (VR)ـە کە بنێتە چاوییەوە و تەماشای ناوەوەی ئامێرەکەی پێ بکا کە تەنیا ڕاومێکی سپی و چۆڵ نیشان دەدا، هەرچەندە شێوە و ڕەنگی لە هۆڵی پێشانگاکە دەچی بە بەتاڵی، بەلام کاتێ کە بینەر لێی ورددەبێتەوە، دەبینێ ئەوە وێنەی هۆڵی پێشانگاکە نییە، بەمەش هونەرمەند بینەر بەرەو دنیایەکی دیکە دەبا، لەهەمان کاتدا دەزانێ کە هێشتا لە ناو پێشانگاکەدایە، واتا جەستەی لەناو پێشانگاکەدایە و بینینی لە دەرەوەیە، بەم جۆرە هونەرمەند لەم کارەیدا یاری بە هەستی بینەر دەکا لە نێوان چاو و گوێیەوە، لەبەر ئەوەی لە هێدفۆنەکەدا بینەر گوێی لە دەنگێک دەبێ دەڵێ: «چی دەکەیت ئەگەر پێت بڵێم تۆ لە لایەن چاوەکانتەوە هەڵخەڵەتێنراوی، ئەو دیمەنانەی کە تا ئێستا پێشانی داویت هیچی ڕاستی نەبوون، بەڵام لە ئێستاوە دەتوانیت ڕاستییەکان ببینی، بۆیە بمێنەوە، بیر لەوە مەکەرەوە (VR)ـەکە لابەریت».

ئەم دەنگە ئەو بیرۆکەی پاوڵ ڤیریلۆ Paul Virilioمان یاد دەخاتەوە کە ساڵی ١٩٨٧سەبارەت بە هونەری ڤیدیۆ نووسیویەتی و دەڵێ:

بینین بە چاو بڕوای پێ ناکرێ، ئیدی بڕوا بە بینینی چاو نەماوە (...) دوو جۆر لە بینین بڕوای پێ دەکرێ، یان مرۆڤ بڕوا بەوە دەکات کە دەیبینێت، یانەخۆ مرۆڤ هەر خۆی بۆ خۆی بڕواکەرە. لەم ڕۆژانەدا بڕوابوون بە چاو سەختە، بۆیە هونەری ڤیدیۆ و سینەما مشووری جۆرە بینینێکی دیکە دەخۆن(٣)، واتا هونەرمەند دەخوازێ بینەر لەناو ئەو ڕاومە بمێنێتەوە کە لە واقیعدا نییە، ئەم یاریکردنەی هونەرمەند بە چاو و گوێ، بە بینین و گوێگرتن لە هەمان کاتدا دروستکردنی پێوەندییەکە لە نێوان ئەو دوو جۆرە هەستەدا کە هونەرمەند لە سەرجەم بیرۆکەی پێشانگاکەی دەیەوێ بیگەیەنێ.

سەبارەت بە کارە ئینستەلەیشنەکەی کە کاتژمێر و ڕەنگی سووری بەکارهێناوە (لە جیاتی خوێن) دەکرێ هەستی بینەر بەرەو ئەو دوو پێکهاتە بنەڕەتییەی ژیان ئاراستە بکات کە (خوێن و کات)ن کە ئەو وەک مەتریاڵ و دەشێ وەک سیمبۆلیش بەکاریانی هێنابێ، یەکێکیان لە ناوەوە (خوێن) و ئەوەکەی دی لە دەرەوە (کات).

کاتژمێرەکە ڕووی لە بینەرە و نزمتر لە کیسە (خوێن)ـەکە دانراوە، میلی تێدا نییە و دەوری چارەگێکی پڕبووە لە ڕەنگی سوور (خوێن). لە ناوەڕاستی کاتژمێرەکەدا هونەرمەند سرنجێکی تێدا چەسپاندووە، نووکە تیژەکەی ڕووی لە ژمارەکانە و لە نێوان ژمارە یەک و ژمارە دوو وەستاندوویەتی، دڵۆپە (خوێن)ـەکانیش دەڕژێنە نێوان ئەو دوو ژمارەیەوە و لەوێشەوە دەچێ بۆ بەشی خوارەوەی کاتژمێرەکە و کاتەکانی نێوان دڵۆپێک و دڵۆپێکی تر زۆر نزیکە لە چرکەساتێکەوە.

(خوێن)ـەکەیش لە ناو کیسەیەکی نایلۆنی تەنکدایە کە تا نیوەی کیسەکەی پڕکردووە، هونەرمەند ئەم دوو بەشەی کارەکەی بە شێوەیەک لە تەنیشت یەکەوە داناوە کە ڕاستەوخۆ هەستی بینەر بەرەو ناو خەستەخانە دەبات، ئەمەیش بە هۆی بەستنەوەیان بەیەکەوە بەو سۆندە نایلۆنە باریک و تەنکەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ گوێزانەوەی خوێن بۆ ناو جەستەی نەخۆش بەکاردێت، بەتایبەت



لەوکاتەی کە ژیانی نەخۆشەکە لە حاڵەتی مەترسیدا دەبێ، ئەوکات سۆندە نایلۆنەکە خوێنەکە بە هۆی دەرزییەکەوە دڵۆپ دڵۆپ بە جەستەی نەخۆشەکە دەگەیەنێت و لەم کارەی چیا جەمال-یشدا بۆ ناو کاتژمێرەکە، پاشان دەکەوێتە سەر ژمارەکان.

ئەم کاتژمێرەی چیا جەمال کات ناژمێرێ و دەکرێ وەک سیمبۆل ببینرێ بۆ جەستەی نەخۆشێک کە پێویستی بە خوێن هەیە، واتە کات لە حاڵەتێکی ناکاودایە و پێویستی بە خوێنە و لەوانەیە بمرێ، ئیدی ئەگەر کاتیش مرد ژیان کۆتایی پێدێ، بەم جۆرە لەم کارەدا دەکرێ باس لە کۆتایی کات بکرێ. ئەم پێوەندییەی خوێن و کات کە کارەکەی چیا جەمال نیشانی دەدا بینەر ڕووبەڕووی ترسێک دەکات لەوەی کە کات نەخۆشە و دەشێ بشمرێ، واتە ئەگەری کۆتاییهێنان بە ژیان.

لە دەستە چەپی هۆڵەکەدا بینەر دەتوانێ دەنگی خۆی بەرانبەر خۆی ببینێ، کە بە تیشکێکی سەوز لە قەد دیوارەکە لە شێوەی چەند هێڵێکی بەیەکداچوو بەرانبەر مایکرۆفۆنێک دەردەکەوێ، مایکرۆفۆنەکە دەوری حەوت تا هەشت مەتر لەو دیوارەوە دوورە کە لە قەدیدا دەنگەکە دەبینرێ، هونەرمەند بە هۆی چەند وایەرێکەوە مایکەکەی بەو ئامێرە بەستووەتەوە کە دەنگەکە دەگۆڕێ بۆ تیشک، بە واتایەکی دی دەنگ دەگۆڕێت بۆ بینین (ئەودیۆ بۆ ڤژواڵ)، شێوەی تیشکەکانیش بەپێی نزمی و بەرزی دەنگی قسەکەرەکە (بینەرەکە) دەگۆڕرێن، ئەمەیش ئاستێکی بەرزە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لە بواری هونەری شێوەکاریدا، بەمەش دەکرێ ئەم کارەی چیا جەمال وەک جۆرێک لەو کارە هونەرییانە ببینرێ کە سەر بە هونەر و تەکنۆلۆژیایە.

هونەرمەند بە پێویستی دەزانێ لەگەڵ ئەم کارەی ئەم ڕوونکردنەوەیە بدا:

«ئەم کارە ڤیژوەڵکردنی دەنگە لە ڕووی تەکنیکەوە» پێشتر هەبووە و لەلایەن زانایەکی فیزیکییەوە دۆزراوەتەوە کە چۆن وەیڤی (شەپۆلی) دەنگ ببینین. کاری من لێرەدا هێنانی ئەو بیرۆکەیە بوو بۆ ناو گەلەری (واتا بۆ ناو ئەم پێشانگایە) و بەکارهێنانی ئەو تەکنیکەیە بەشێوازی تایبەتی خۆم کە مەتریاڵەکانی بریتین لە مایکێک بە دایرێکتی (ڕاستەوخۆ) دەنگ بگوێزێتەوە. دەنگ کاتێک لەگەڵ سپیکەرێک و لەیزەر و ئاوێنە».

ئاڤان سدیق پێی وایە ئەم کارەی چیا جەمال کاریگەری بەسەر گۆڕینی ڕەفتاری بینەرەکەیەوە هەیە، کاتێک گۆڕانکاری دەنگەکەی خۆی لەسەر دیوارەکە دەبینێ کە چۆن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەیش بەهۆی گۆڕینی تۆنەکانی دەنگی خۆیەوە، ئیدی بینەرەکە دەکەوێتە ئەزموونکردن لەگەڵ ئەو تۆنە جیاوازانەی دەنگی خۆی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری هێناوە. ئەوکات دەبینێ کە بەرز و نزمی تۆنی دەنگی خۆی بۆ شێوەی وێنەی تیشکی جوولاو دەگۆڕرێ.

پێنجەمین کاری هونەرمەند کە لە تەنیشت دەرگاکەوە بەدەستی چەپدا داناوە ، دیسانەوە لە ئامێرێکی (VR) پێکهاتووە کە بینەر بەدەستی خۆی هەڵی دەگرێ و دەینێتە چاوییەوە و لە ناویدا نووسراوە:

«لە ریاڵیتەوە لە ڤیژواڵ ریاڵیتی دەڕوانیت، بیر لەو پانتاییە بکەرەوە کە کۆتان دەکاتەوە، لێکتان دادەبڕێت». لەم حاڵەتەدا هونەرمەند بەجۆرێک ئەم نووسینەی لە ناو (VR)ەکە داناوە کە بینەر لەکاتی بینینەکەدا دەبێ بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە تا بتوانێ گشت نووسینەکە بخوێنێتەوە، ئەمەیش ئەو بیرۆکەی پیکابیامان یاد دێنێتەوە کە گوتوویەتی: (مێشک خڕە، تا بیرکردنەوەکانی بگەن بە گشت لایەنەکان) ئیدی ئەگەر ئەم بیرۆکەیە مێشکی ئینسانی کوردیش دەگرێتەوە؟ من وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هونەرمەند جێ دێڵم.

چیا جەمال لەم کارانەیدا ڕاستەوخۆ لە ئێستای هونەری شێوەکاری و پێوەندییەکانییەوە دەستی پێ کردووە، دەنگ و تیشک و ڕاوم و تێکست و



تەکنۆلۆژیای نوێی بەیەکەوە نیشان داوە، جەستەی بینەرەکانیشی تێیاندا بەشداركردووە. منیش وا لەمە دەگەم کە هونەرمەند بە پێویستی دەزانێ بینەر لە پێشانگاکەیدا چالاک بێ، تەنیا بینەر نەبێ، بەڵکو ببێت بە بەشێک لە کارەکانیش، بەتایبەت لەو کارانەی کە ویستوویەتی بیرۆکەی کۆنسێپچواڵ نیشان بدەن، ئەمەیش جگە لەو کارەی کە کاتژمێر و (خوێن)ـەکە بەیەکەوە نیشان دەدەن، گشت ئەو دوای کارەکانی دیکەی دەگرێتەوە.

وا دیارە چیا جەمال ئاشنایە بە سەرەتاکانی دروستبوونی هونەری شێوەکاری مۆدێرنەی کلاسیک و هاوچەرخ کە لە هەندێک جۆرەکانیدا پێوەندییان لەگەڵ مۆزیکدا هەبووە و لای فوتوریستەکانی ئیتاڵیا بەتایبەتی لای لویجی ڕۆسولۆ لە سەرەتای سەدەی بیست و لای هونەرمەندی دادائی ئەڵمانی کورت شڤتەرس کە دیسانەوە لە سەرەتای سەدەی بیست دەنگی بەرزی بۆ شیعر خوێندنەوە، هەروەها لە سەرەتاکانی هونەری پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە کە تێیدا دەنگ بە گشت شێوەکانییەوە چ وەک موزیک و چ وەک خشەخش و تەقەتەق ڕۆڵی تێدا هەبووە، بەتایبەت لە دەوروبەری پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە کە هونەرمەندی موزیک جۆن کەیج John Cage ڕۆڵی تێدا بینی و وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەو هونەرمەندە بۆ چیا جەمال بووە بە هۆیەک بۆ ئەوەی بەرەو هونەری شێوەکاریش بڕوات، ئیدی لەو کاتانەوە تا ئەمڕۆ ئەو پێوەندییەی نێوان هونەری شێوەکاری و موزیک و دەنگ بەردەوام خۆی تازەکردووەتەوە کە چیا جەمال لەم پێشانگایەی ئەمنە سوورەکە نیشانی داوە.

جگە لە کارە ئینستەلەیشنەکەی کە لە (خوێن) و کاتژمێر پێکهاتووە، بینەر دەتوانێ خاڵی هاوبەش لە ناو گشت ئەودوای کارەکانی دیکەی ببینێ کە هونەری کۆنسێپچواڵ کۆیان دەکاتەوە، بەتایبەت لەو سێ کارەی کە تێکستی تێدا بەکارهێناون.

لێرەدا دەشێ بۆچوونەکانم جیا بن لە بۆچوونی هونەرمەند خۆی کە سەبارەت بە کارەکانی ساڵی ٢٠١٨ دەڵێ:

لەم ساڵەدا دوو کارم پێشان داوە لە ڕووی پێشاندان و مەتریاڵەوە نزیکی یەکن، بەڵام لە ڕووی کۆنسێپتەوە زۆر جیاوازن کە هەردووکیان لە ڕێی (ڤی ئاڕ)ـەوە پێشان دەدرێن.

بەم جۆرە ئەو لە هەر سێ بیرۆکەکانیدا چ نووسراوەکان و چ ئەوەی کە بۆ گوێ لێگرتنە بینەر بەرەو بیرکردنەوە دەبەن، بەم شێوەیەش ئەم کارانەی چیا جەمال بە ئینستلەیشنەکەی (خوێن و کاتژمێرەکەشەوە) سنووری هەست و درککردن تێدەپەڕێنن و بینەر بەرەو بیرکردنەوە دەبەن کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی هونەری کۆنسێپچواڵ بە گشتی و ئەم پێشانگایەی چیا جەمال بەتایبەتی.

ئەو کارەی کە تەواو جیایە لە ڕووی وەزیفە و مەتریاڵەوە لەگەڵ کارەکانی دیکەی ئەوەیە کە لە خوێن و کاتژمێر پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی لەم کارەدا هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ دەنگ و تێکست نەکردووە، بۆیە بۆ من ئەستەم بوو بتوانم پێوەندی ئەو کارە لەگەڵ کارە کۆنسێپچواڵەکانی دیکەیدا بدۆزمەوە، لەوانەشە ئەمە مەبەستی هونەرمەند خۆی بێ کە لەناو هەمان پێشانگادا کارێکی وا دابنێ لە ئەوەکانی دی جیابێ.

## (وڕێنە) وەک بیرۆکەی کارێکی هونەری کۆنسێپچواڵ لای چیا جەمال

دەوری چوار مانگ پاش پێشانگاکەی ئەمنە سوورەکە، واتە لە ٣١ی مانگی هەشتی هەمان ساڵ ٢٠١٨ ، چیا جەمال کارێکی هونەری دیکە بەرهەم دەهێنێ کە ئەم جارەیان ڕەخنەیەکی کوشندە لە کولتوور و شارستانیەت دەگرێ. بۆ ئەم کارەی ئەو نووسینە بەکاردەهێنێ کە لە سەرەوەی دەروازەی چوونە ژوورەوە بۆ شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی نووسراوە، نووسینەکە بە ڕەنگی سپی



لەسەر سەوز و بە گەورەیی نووسراوە (سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری). هونەرمەند لە ژێر ئەو نووسینە گەورەیە نووسینێکی بچووک هەڵدەواسێ کە تێیدا تەنیا نووسیوبەتی (وڕێنە)، ئەو ئەم نووسینەی دیسانەوە بە ڕەنگی سپی لەسەر باکگراوندێکی سەوز نووسیوە و گەورەییەکەی مەتر و نیوێک بە سێ مەترە و بە چوارچێوەیەکی ئەلەمنیۆمەوە هەڵیواسیوە بۆ ئەوەی کێشەکەی لەکاتی هەڵواسینەکەدا سووک بێ. بە پێی زانیاری هونەرمەند خۆی ئەم کارەی لە کاتژمێر شەشی بەیانی داناوە و نزیکی کاتژمێر دووی نیوەڕۆ لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە لێ کراوەتەوە.

من ئەم کارەی چیا جەمال وەک کارێکی هونەری هەڵدەسەنگێنم کە تێکەڵاوێکە لە هونەری کۆنسێپت و ئەکشن. کارەکە کۆنسێپچواڵە لەوەی کە هونەرمەند وشەی لە جیاتی ڕەسمکردن، یان پەیکەر بەکارهێناوە. بەواتایەکی دی لە جیاتی وێنە ئەو وشەی بەکارهێناوە و لە هەمان کاتیشدا کارەکە ئەکشنیش لە جۆری هەڵواسینەکەی دەگرێتەوە کە خۆی و چەند هاوڕێیەکی بە تیروکەوان کارە هونەرییەکە هەڵدەدەنە سەر دیوارەکە، پاشان بە گوریس ڕایدەکێشن تا جێگای خۆی لە قەد دیوارەکە بگرێ، ئەمەش وەک بەردەوامبوون بۆ خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو جۆرە کارە کۆنسێپچواڵانەی پێشووی کە لە پێشانگاکەی مانگی چوار لە ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی نیشانی دابوون.

بۆ هەڵواسینەکەش خۆی دەیگێڕێتەوە: خۆم و هەندێ برادەرم دوو گوریسمان هێنا و هەردوو سەری گوریسەکەمان بەستەوە بەتیرەکەوە، پاشان بە کەوانەکە هەڵمان دا بۆ ئەو دیوی دیوارە بەرزەکە کە نووسینەکەی لە قەدە (سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری)، ئەمەیش هەڵواسینێکی ئاسایی نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ئەکشنی هونەری لەبەر ئەوەی هونەرمەندەکە خۆی ویستوویەتی کارەکەی بەم جۆرە هەڵبواسرێ.

لە ئەنجامی بینین و گوێگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکانی چیا جەمال، دەکرێ ئەم هونەرمەندە وەک هونەرمەندی دروستکەری پێوەندییەک و بڕینی سنوورەکان لە نێوان هونەری شێوەکاری و موزیکدا ببینرێ.

لە کۆتاییدا بە پێویستم زانی لێی بپرسم: بۆ ئەم کارەت کردووە؟ لە وەڵامدا بە کورتی دەڵێ: من وشەی وڕێنەم لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە بەکارهێناوە.

چیا جەمال جگە لە کارەکانی خۆی، لەساڵی ٢٠١٨ پێشانگایەکیشی بۆ هونەرمەندی شێوەکار لەرێ نەجمەددین لە تەلاری ئەمنە سوورەکەی سلێمانی ڕێکخستووە، بە ناونیشانی (لە کۆنتێکستی نەخۆشی دەروونیدا) کە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو لە ٧ بۆ دووی مانگی ٩، دواجار دەڵێت: ئەم ڕۆژانە (کۆتایی مانگی نۆساڵی ٢٠١٨) ئێمە سەرقاڵی پێشانگایەکین بەیەکەوە لەگەڵ هونەرمەند لەرێ نەجمەددین.

**پەراوێز:**

**١- میترۆنۆمی: وەک هونەرمەند خۆی وەسفی دەکا ئامێرێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێسەی موزیک بەکاردێت.**

**٢- بەپێی ناساندنی هونەرمەند خۆی (VR)، بەمانای Vi-suell Reality دێت.**

**٣- Paul virilzo: لە کتێبی Gerda lampalzer. Vid-eokunst .Wien 1992، ئەمە تەرجومەی دەقاودەقی نووسینەکەی ڤیریلۆ نییە ، بەڵکو من ماناکەیم لە ئەڵمانییەوە تەرجومە کردووە.**